ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
نووسینگەی تایبەتی
سەرۆکی ئەنجومەن

مجلس محافظة السليمانية
المكتب الخاص
لرئيس المجلس

Slemani Provincial Council

Private Office

**بەڕێز/ سکرتێری ئەنجومەن**

**ب/ (نۆزدەیەمین) کۆبوونەوەی ئەنجومەن**

هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاگاداربکەنەوە، کە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٥/٩/١، سەعات ١٠ی بەیانی، لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، نۆزدەیەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەن دەکرێت.

کارنامەی کۆبوونەوەکە بریتی دەبێت لە:
میواندارێکردنی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی لەسەر داوای خۆیان بە نووسراوی ژمارە (٢٣٦) لە ٢٠١٥/٨/٢٤داو ڕەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە نوسراوی ژمارە (٧٥١) لە ٢٠١٥/٨/٢٥دا" بەم شێوەیە:

- **تەوەری یەکەم:**

خستنەڕووی ئامارو داتای تایبەت بە بودجەکانی بەردەم پارێزگای سلێمانی و پلانی خەرجکردنی و بەتایبەتی بودجەی وەفری (١، ٢، ٣) نەوت و، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان.

- **تەوەری دووەم:**

گفتوگۆکردن لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و چۆنێتیی جێبەجێکردنی لەلایەن پارێزگای سلێمانیەوە.

- **تەوەری سێیەم:**

داڕشتنی پلانی زیاتر بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان.

- **تەوەری چوارەم:**

گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر هەر بابەتێک کە پێویستی بە ڕاگۆڕینەوە هەبێت لە نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای سلێمانیدا.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**
**٢٠١٥/٨/٣٠**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176